هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی سەدەی بیستەم



و. عەبدولڕەحمان فەرهادی

# جۆن شتاینبێک... زوڕناژەنی جەنگ

**شتاینبێک بەیەکێ لەو کەسایەتییە ئەدەبییانە دەژمێردرێ کە هەرایەکی سیاسیی فراوانی بەرپا کرد**

جۆن ئێرنست شتاینبێک بەیەکێ لەو پێنج کەسە ئەمەریکاییە مەزنە دادەنرێ کە نەخشەی ئەدەبی ئەمەریکییان دروست کرد، ئەوانیش بریتی بوون لە ئێرنست هەمەنگوای، ولیەم فۆکنەرو جۆن ئۆهارا و ئارسکین کالدویل، کە لە سەردەمی سییەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بوون، تەنانەت تێنسی ولیامز و ئارثەر میلەریشیان بەگەڵ کەوت.

بەڵام شتاینبێک لە نێو ئەم نووسەرە هاوچەرخانەی خۆی بەوە جوێ دەکرێتەوە کە توانیی وێنەی تەنگژەی مرۆی سەردەم بکێشێ، هەروەها توانیویەتی بچێتە نێو بنج و بناوانی کۆمەڵگە و دواتر جیهانێک لە واقیعێکی مەترسیدار و هەندێ خەونی پرشنگدار بەرجەستە بکات، چۆن توانیی ناکۆکی دژە رووی نێوان تاریکایی واقیع و خۆشییەکانی خەون لە رێگەی هەستی رەسەنی شاعیرانەی خۆی وێنە بگرێ، بێگومان ئەمەش لە خەونەکانیدا، یا لە خەونی پاڵەوانی بەرهەمەکانیدا بەردیدەن، کە چۆن توانیویەتی شتە شاراوەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو و چارەسەریی کێشەکانی تاکەکەس بە پێوەندی بە کۆمەڵگەوە بکات...

جۆن ئێرنست شتاینبێک لە (٢٧)ی شوباتی ١٩٠٢ لە شاری سالیناسی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە دایکێکی بەڕەسەن ئەڵمان و باوکێکی ئێرلەندی لەدایک بووە. باوکی ئەمینداری کۆگاکان بووە، بەڵام دایکی مامۆستا بووە، هەر ئەویش بووە وای کردووە کە شتاینبێک حەز لە خوێندنەوە و نووسین بکات. شتاینبێک لە کاتی پشووەکاندا بە کرێکاریی کێڵگە کشتوکاڵییەکان خۆی خەریک دەکرد کە بەهۆیەوە گەلێ زانیاریی لەبارەی بارودۆخی کشتیارە سادەکان پەیدا کرد و ئەمەش لە گەلێ بەرهەمیدا سوودی لێ بینیوە.

دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات، لە ساڵی (١٩١٩)دا دەچێتە زانکۆی ستاتفۆرد بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی، هەر لەم ماوەیەدا کاری دەستی بۆ خۆی دەکرد، بەڵام پاشان لە ساڵی (١٩٥٢)دا بێ ئەوەی بڕوانامەیەک بەدەست بێنێ، زانکۆی جێهێشت بەرەو نیویۆرک کەوتەرێ تا وەک نووسەرێک رێگای خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی هەر کارێکیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆیە بۆ جارێکی دیکە گەڕایەوە کالیفۆرنیا، بەڵام دواجار لە ساڵی (١٩٢٩)دا لە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کاری خۆی "کاسەی زیڕین"دا سەرکەوت، بەڵام بایەخێکی زۆری پێ نەدراو رەخنەگران وایان هەڵسەنگاند کەوا رۆمانسییەت تێیدا لەبیر کراوە. پاشان هەردوو رۆمانی "شوانکارەکانی بەهەشت" و "بۆ خوایەکی ون"ی لە ساڵانی ١٩٣٢و ١٩٣٣ بڵاو کردەوە و دیسانەوە بە

قسەی رەخنەگران ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێنا. بەڵام سەرەتای ناوبانگی وەک نووسەرێک لەگەڵ بڵاوکردنەوەی رۆمانی "باڵەخانەی تۆرتێلا"وە لەساڵی (١٩٣٥)دا دەستی پێ کرد، ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە دوارۆژی ئەدەبییدا و بەمەش میدالیای زێرینی لەیانەی کالیفۆرنیا بۆ چاکترین رۆمانی ئەدەبیی نێوخۆ بەدەست هێنا. هەروەها گرنگترین بەرهەمی لەو ماوەیەدا شانۆگەریی پیاو و مشکەکان بوو لە ساڵی (١٩٣٧)دا کە هەر ئەو ساڵە لە یەکێ لە شانۆکانی برۆدوای نمایش کراو دواتریش لە ساڵی (١٩٣٩)دا کرایە فیلمی سینەمایی.

**چوار ملیۆن دانە لەم کتێبە فرۆشراو رق و قینی حکوومەتی ئەو کاتەی پێ هەڵسا و کۆنگرێس لە هەندێ راستیی نێو رۆمانەکە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی کرد..**

پاشتریش بەهۆی شاکارە بەرزەکەی "هێشووەکانی تووڕەیی"وە گەیشتە چڵەپۆپەی ناوداری، ئەم ناوەش لە جەنگێکی نێو تەورات وەرگیراوە کە بەهۆیەوە خەڵاتی پۆرلیتزەری لە ئەدەب وەرگرت و لە ساڵی (١٩٤٠)یشدا کرایە فیلمێکی سینەمایی. ئەم رۆمانەی باس لە هەندێ تەنگژەی ئابووری دەکات کە لە ساڵانی سییەکاندا دنیای گرتبووەوە و ئاماژە بەوەش دەکات کە چ کاریگەرییەکی بەسەر کشتیارەکانی خوارووی ئەمەریکاوە هەبووە.

**گەورەترین بەرهەمیشی "خۆرهەڵاتی عەدەن"ە کە دیدگایەکی تازەیە بۆ چیرۆکی ئادەم**

شایانی باسە چوار ملیۆن دانە لەم کتێبە فرۆشراو رق و قینی حکوومەتی ئەو کاتەی پێ هەڵسا و کۆنگرێس لە هەندێ راستیی نێو رۆمانەکە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی کرد..

لەماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهاندا، شتاینبێک وەک پەیامنێری جەنگ بۆ رۆژنامەی هیرالدتریبیون کاری دەکرد و پاشان هەموو وتارو نووسینەکانی ئەوکاتەی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی "لە رابردوودا جەنگێک هەبوو" لە ساڵی (١٩٥٨)دا بە چاپ گەیاند.

هەروەها گرنگترین کاری لەم ماوەیەدا شانۆگەریی "مانگ هەڵاتن" بوو کە تێیدا باس لە تراژیدیای وڵاتێکی بێ لایەن دەکات کە لە لایەن هێزەکانی نازییەوە داگیر کراوە. پاشان لە بەرهەمەکانیدا رووی کردە چینە کۆمەڵایەتییە ونبووەکان و ناودارترین بەرهەمی لەم بارەیەوە "مرواری" بوو کە لە ساڵی (١٩٤٥)دا بڵاوی کردەوە(*) و بریتییە لە شاکارێکی ئەدەبیی بەرزو تێیدا باس لە ئەفسانەیەکی میللیی راوچییەکی هەژاری مەکسیکی دەکات کە مرواریيەکی بەهاداری دۆزیوەتەوە، بەڵام جگە لە بەدبەختی سوودی لێ نابینێ دواجار دەیگەڕێنێتەوە نێو دەریا.

**ڕۆژنامەکانی فەرەنسا لە بارەیەوە نووسییان: جەنگ نووسەرێکی مەزنی برد و کردی بە زۆڕنایەک بۆ پڕۆپاگەندە**

لە ساڵی (١٩٥٢)دا یەکێ لە ناودارترین فیلمی سینەمایی بەناوی "ڤیڤازاباتا"(**) نووسی. هەروەها گەورەترین بەرهەمیشی "خۆرهەڵاتی عەدەن"ە کە دیدگایەکی تازەیە بۆ چیرۆکی ئادەم و لە ساڵی (١٩٥٥)دا کرایە فیلمێکی مەزن و ئەکتەری ناوداری ئەمەریکا جیمس دین رۆڵی پاڵەوانەکەی بینیبوو کە پاشان بووە پەرستیاری لاوان لە هەموو دنیادا.

**کەسێ نییە بزانێ من لە کوێم دروست کردووە و بارودۆخ لە کوێی دروست کردووە و لە کوێ بە قەڵەمی خۆم نووسیومە و لە کوێ لە ئازاری خۆم یان لە ئازاری خەڵکانی دیکە نووسیومە**

شتاینبێک لە رێگەی گەشتەکانیشیەوە بەناو ئەمەریکادا یان بۆ دەرەوەی ئەمەریکا توانیی دوو کتێب دەربکات کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٢ بوو بەناوی "گەشت لەگەڵ چارڵیدا"و ئەوی دیکەشیان "ئەمەریکا و ئەمەریکاییيەکان" بوو ساڵی ١٩٦٦.

شتاینبێک لە ساڵی (١٩٦٢)دا گەورەترین رێزی لێ نرا کە خەڵاتی نۆبڵی بەهۆی ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی پێ بەخشرا، ئەو بەرهەمانەشی بریتی بوون ئەوانەی بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە کۆمەڵگە دادەنرا. شایانی باسە شتاینبێک شەشەمین ئەمەریکایی بوو کە ئەم شەرەفەی پێ بەخشرا، لەوانە ولیەم فۆکنەر ١٩٤٩و ئێرنست هەمەنگوای ١٩٥٤.

شتاینبێک بەیەکێ لەو کەسایەتییە ئەدەبییانە دەژمێردرێ کە هەرایەکی سیاسیی فراوانی بەرپا کرد، لە تافی لاوییدا بە مارکسی تاوانبار دەکرا، هەر بۆیەش بوو کە گەلێ لە رەوتە چەپەکانی بەلای خۆیدا بەکێش کرد، گوایە بایەخ بەچینە هەژارو چەوساوەکان دەدات.

هەروەها رۆمانی "جەنگێکی گوماناوی" لە ١٩٣٦و "هێشووەکانی تووڕەیی" لە ١٩٣٩ گەلێ گومانیان پەیدا کرد بۆ پابەندبوونی سیاسیی شتاینبێک، بەڕادەیەک نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی فایلێکی لەبارەی هەموو جموجوڵ و پێوەندییەکانی شتاینبێک بەرێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی دەرەوەی وڵات بڵاو کردبووەوە و ئەو زانیارییانەی کە لە بارەیەوە تۆمار دەکران لە چوارچێوەی هەڵمەتی مارکسییەت بوو کە لە ساڵانی پەنجاکاندا ئەمەریکای تەنیبووەوە. بەڵام ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگران دووپاتی دەکەنەوە ئەوەیە کەوا شتاینبێک لە دیدگایەکی مرۆڤانەی پاکەوە هاوسۆز بووە لەگەڵ چینە بێبەش و چەوساوەکان.

وەنەبێ پابەندی بیری سۆسیالیزمی بووبێ. لە ناودارترین رەخنەگرانیش کە لەبارەی شتاینبێکەوە نووسیبێتی کە ئەم خاڵەی بەشێوەیەکی تایبەت روون کردووەتەوە، رەخنەگری ئەمەریکایی "جاکسۆن پنسۆن" بوو کە گوتوویەتی: "رۆئیاو هەڵوێستی شتاینبێک لە هەموو کێشەیەک لە ژیانیدا بەوە پەرەی سەندووە کەوا گەیشتووەتە خاڵە یەکلاکەرەوەکان، ئەویش تەنگەژە گەورەکانی ساڵانی سییەکان بووە و، لە سیاسەتیشدا دیدگایەکی تاکەکەسی هەبووە و لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا باوەڕی بە دادپەروەری بووە و رقی لە کۆمۆنیست بووە، لەگەڵ ئەوەی کەوا چەپ سایەوە و بە ئەدیبێکی چەپڕەوی دەزانێ، بێ ئەوەی بەوە بزانێ کەوا لە ناخەوەدا باوەڕی بە تاکەکەس و دیموکراتییەت هەیە".

لەگەڵ ئەوەی کەوا وەک فۆکنەر بەلای تەجویدێکی هونەریی وەک هەمەنگوای نەدەشکایەوە، بەڵام لەوان زیاتر تەنیایی وەرگرتووە و لە هەمان کاتیشدا دنیای بەرەڵڵاو ونبووەکانی هەڵبژاردووە نەوەک دنیای سەرەڕۆکان وەک لای فۆکنەر.

شتاینبێک لە دوا ساڵانی تەمەنیدا بوو لە مرۆڤێکی ئەوپەڕی راستڕەو و دوژمنایەتیی ئەمەریکای بۆ ڤێتنام بەلای خۆیدا کێش کرد و دوای چل ساڵان هاوسۆزی لەگەڵ ئازارو تراژیدیای کۆمەڵگەدا، ئەم نووسەرە مرۆڤخوازە بوو بە زوڕناژەنی جەنگ، بۆیە رۆژنامە ئەمەریکایی و ئەورووپاییەکان هێرشیان کردە سەرو، رۆژنامەکانی فەرەنسا لە بارەیەوە

نووسـیـیـان: جـەنگ نـووسـەرێکی مـەزنـی بردو کـردی بە زۆرنـایـەک بۆ پرۆپاگـەندە. بەڵام رۆژنامـەکانی بەریـتانیا دەربارەی گـوتیـان: ئەو پیـاوەی سـایـەکەی خـۆی ون کـرد. واتـە ئەو کـەسـەی روحی خـۆی فـرۆشت، هـەروەهـا دوای ئەوەی لە ڤـێـتنامـی خـوارووەوە نامـە ناودارەکانی دەنـارد و لە رۆژنامـەکاندا بڵاو دەکرانەوە، گەلێ لە لایەنگران و خـوێنەرانی، بە ئەدیبـێکی مـردوویان شـوبهـاند و، شـتـاینبـێک بەم کـارەی وای کـرد کـە قـەڵەمـەکەی وەک زورنایەکی جـەنگ بەکاربێنێ نەوەک لە پێناوی ئاشتیدا.. ئەوەی شایانی بـاسە کەسـێکیش نەیدەزانی ئەو توندڕەوییە سـەیرەی بۆ پـاڵپشـتی کـردنی جـەنگی ڤـێتنام لە چییـەوە سـەری هەڵداوە؟!.. بەڵام ژمـارەیەکی زۆر لە رەخنەگـران هۆکـاری ئەمـە دەگـەڕێننەوە بۆ دڵسـۆزیی زۆری بۆ سـەرۆکی ئەو کـاتەی ئەمەریکا لیندۆن جۆنسـون ئەویش شـتـاینبێکی بـە چاکـترین نووسەری هەڵبژاردەی خۆی دادەنا.

شـتـاینبێک سێ جاران ژنی هێناوە کە دواجاریان لە سـاڵی ١٩٥٠ بوو و دوو کوڕی لە ژنی دووەمیـان هـەیە و مەرگیشـی بەشـێوەیەکی کتوپڕ بووە کـاتێ لە ٢٠ی کانوونی یـەکەمی سـاڵی (١٩٦٨)دا بـەهۆی نۆرەدڵی لە شـاری نیـویۆرک کۆچی دوایی کـرد و جـەسـتـەکەشی سوتێنراو لە شاری "سـالیناس"ی زێدی لەدایک بوونی نێژرا.

دوا وەسیەتی ئەوەبوو پاش ئەوەی جێ پەنجەی خۆی بەسـەر ئەدەبی جیـهانیدا جێهێشت، رووی لە مـێـژوونووسـانـی ژیان و بەرهـەمی خـۆی کـرد و گـوتـی: (هیـچ کـەسـێ بە تەواوی ناتوانێ بزانێ لە ژیانی من یان هـەر ژیانێکی دیکەدا هـەقیقەت لە کوێیە و خەیاڵ لە کوێیە. هـەروەهـا کـەسـێ نیـیـە بزانێ من لـە کـوێم دروست کـردووە و بارودۆخ لە کـوێی دروست کـردووە و لە کـوێ بە قـەڵەمی خـۆم نووسـیـومـە و لە کـوێ لە ئازاری خـۆم یـان لە ئازاری خەڵکانی دیکە نووسیومە.

---

(*) لەلایەن خوالێخۆشبوو حاجی ئەحمەدەوە کراوە بە کوردی.

(**) لەلایەن مامۆستا محەمەد موکرییەوە کراوە بە کوردی.